خولی ئینگلتەرا..مان یونایتد بە چوار گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ لە شیفیلدی بردەوە

لە خولی ئینگلتەرا مان یونایتد بە چوار گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ لە شیفیلدی بردەوە و چووە پلەی شەشەم.

لە هەفتەی 29ی خولی ئینگلتەرا، یانی مانچستەر یونایتد لە یاریگای ئەلدترافۆرد میوانداری یانی شیفیلد یونایتدی کرد.

گەمی یەکەم بە یەکسانی و بە گۆڵێک بە هەردوو یانە کۆتاییهات، جایدن بەگل گۆڵەکەی شیفیلدی کرد و هاری ماگوایەر ئەنجامەکەی بە مان یونایتد یەکسانکردەوە.

لە گەمی دووەم و لە خولەکی 50 برەیتەن گۆڵەکی تری بە شیفیلد کرد بەڵام لە خولەکانی 61 و 81 و 85 مان یونایتد سێ گۆڵی تریان لە ڕێگەی برونۆ فێرناندێز دوو گۆڵ و راسمس هێیلاندەوە تۆمارکرد، سەرەنجام یاریەکەیان بە چوار گۆڵ بەرامبەر دوو گۆڵ بردەوە.

مانچستەر یونایتد خاڵەکانی گەیاندە 53 خاڵ و چووە پلەی شەشەم، شیفیلد لە پلەی 20 و کۆتاییدایە بە کەکردنەوەی 16 خاڵ.